# چیرۆکەڵە



حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛نها.

**ژمارە٢٢ـ ١٨ی جۆزەردان ٢٧١٨**

**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

خەدیجە جاوید
زانا شەریفیان
پەروین شێخی
ئەمیر سیراجەدین
بیژەن ڕەحمانی
سەدەف فرووغی
ڕەزا فرووغی
موحسین سوبحانی
ناسر فەتحی
شەرمین ساڵحی

**چیرۆکی میوان:**

بێهزاد قادری

**بەتامی چیرۆک:**

لاپەڕە ٣٣...

**وێنەی ڕووبەرگ:**

Victoria Ivanova

**ئامادەکاران:**

ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی

| RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.**

- چیرۆکی کارگەیی
- چیرۆکی میوان
- بەتامی چیرۆک

• ئامادەکاران:
ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی

١٨ی جۆزەردان ٢٧١٨

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم

## «خوا»

- ڕامان گیان بێژم خاڵۆ خەبات بتباتۆ؟

- نه دایه فاتمه خۆم ئەچمۆ من پیاوم خۆ ناترسم

- ئەی بم به قوربان ئەو پیاوه چکۆله، دەی بچۆ هۆش پلەکانەکانوو بێ

- ئێژم دایه

- چییه به قوربان بۆ گەڕایتۆ؟

- خۆت گورج ئەکەیتۆ بۆ چی؟

- بۆ هیچ چاوەکەم؛ بچۆرۆ من تەک ئەو ژنانا ئەچم تا شوێنێ، دەی بچۆ باوایشت ئەچێ کەس له ماڵۆ نابێ

- ئاخر ئەچی بۆ کوێ؟

- ئەچم بۆ تەراوێح

- تەراوێح کوێیه؟

- ئاییی ئەوه خۆ خەریکه بانگ ئات

- دایه!

- ئا دەی چیت گەرەک؟

- یەژم تەراوێح کوێیه؟

- تۆ لاچۆ جارێ دێرمه...باشه ئەم چارشێومه خستۆته کویا؟ تۆ بڕوانه چۆن نایدۆزمۆ

- ئەچی بۆ مزگەوت؟

- گشتی ئەم کوڕه باوان شێواوه سەری لێشێواندووم، سەعاتێکه وەک خولخولۆکه به شوێنیا ئەسوڕێمۆ تا دوو کەوچکی خوارد...ئەوەتا شوکوور دۆزیمۆ

- ها دایه، ئەچی بۆ مزگەوت؟

- ئەرێ دەی ئەرێ چەنێ ئەپرسی شێتوو کردم

- دایه منیش یەم!

- ئەیرۆ بۆ کوێ؟ بۆ ناو ئەو ژنانه؟ به خوا حاجی حەنێ نایەڵێ بێیته ژوورۆ

- ئاخر بۆ؟

- نابێ به قوربان نایەڵن مناڵ بێته ژوورۆ بچۆرۆ بۆ لای دایکت

- نا به خوا منیش یەم

- کوره حەیام مەبه دانیشه با نەودەمه دەس باوات

- به خوا جێیشم بێڵی خۆم به تەنیا یەم

- دەی باشه تۆ بێ، بزانه حاجی حەنێ چیو لێ ئەکات

- چیم لێ ئەکات؟

- گوێچکەو با ئات ئەوکاته دەرۆ

- خۆ هیچ ناکەم هەر له لاتا دائەنیشم

- ئەی خوا مەرگ خوا چ گیرێکم کردووه ، باشه دەی کەوه بەرمۆ، خوا بمکوژێ به دەستۆ

- هههه دایە، ئەچین بۆ تەراوێح؟

- ئەرێ بێدەنگ لاما دائەنیشی تا نوێژەکەم تەواو ئەکەم باشە؟

- ئاخر حاجی حەنێ دەرم ناکا؟

- ئەگەر ژیر بی و لە جێی خۆتا هەڵنەسیتۆ، ئێژم دەروو نەکا

- محەمەد، محەمەد بە دیقتۆ من ئەچم بۆ تەراوێح تۆ ناچی هێێێێییی

محەممەد: تەراوێح چییە؟

ڕامان: تەراوێح نوێژە گەمژە...

- سسسس سەو ڕا وتم بانگ نەکەی لە محەممەد، قەپەکانیو لە بیرۆ چووەسۆ؟ تماشای دەسوو کە چی لێکردووی

- بە خوا ئەمڕاوۆ یەک شەققی لێ ئەدەم، یەک مشتیش ئەکێشم بە چاویا

- ئەرێ لێی ئەدەی، داوەشێی یاخوا وەک موجەسەممە لە بەر دەمیا ئەوێسی ، ئەو دەسیە خۆشبێ، وا ئەونە زرنگە

- ئاخر دایکم ئێژێ نەدەی لە کەس

- بە گوێی دایکوو نەکەی نەیەڵی بەن لێت، ئاوە باشە وایان لێکردووی؟

- ...

- دانیشە دەی باوان شێواو با نەکەوی لەو ژنانە

- بۆ دایە بۆ نەکەوم؟

- دەسنوێژەکەیان ئەشکێنی، دوایی حەیامان ئەبەن

- دەسنوێژ چۆن ئەشکێ؟

- دەسوو کەوێ لە دەسیان ئەشکێ ئەشێ بازەم دەسنوێژ گرنۆ

- هههه دەی خۆ دەسنوێژەکەی تۆم شکاند

- هی من ناشکێ کەرە، دایەگەورەتم

- دەی باشە ناکەوم لێیان!

- تۆ دەنگ با حاڵی بین

- دایە؟

- گیان

- ئێرە ماڵ خوایە؟

- ئەرێ بە قوربان، مزگەوت ماڵ خوایە

- چەنێ گەورەیە! ئەی ئیسە خوا ها لە تەبەقەی سەرۆ؟

- خوا لە هەرچێ شوێنا هەیە چاوەکەم

- ئای بۆ لێرا نییە؟

- لێرایشا هەیە و چاوی ها لە گشتمانۆ

- کوا، ها لە کویا؟

- ئێمە بە چاو نایبینین بەقوربان

- چۆن نایبینین وەڵا من بینیوومە

- لە کوێ؟

- ئەو ڕاکە بۆقێکیشی بۆ لێدام

- ئەستەغفرەڵڵا لە کوێ؟

ـ وەڵا ناو کوچەکا

ـ سسس قسەی وا نەکەی گوناحە گوناح

ـ بۆ گوناحە؟

ـ نابێ وا بێژی، خوا غەزەبمان لێئەگرێ

ـ غەزەب چییە؟

ـ یانێ توورە ئەبێ

ـ وەڵا توورە نەبوو، پێیشکەنی بۆم وتی چۆنی کاکە چکۆل

ـ کێ وتی؟

ـ خوا دەی خوا...

ـ باشە قسە مەکە با لە موعیزەکە حاڵی بین

ـ موعیزە چییە؟

ـ سسس گوێگرە با فێر بی

ـ ئاخر حاڵی نابم

ـ دایە؟

ـ ئمم دەییی

ـ ئەم ماڵە گەورە گشتی هی خواس؟

ـ ئەرێ ئەرێ...تۆ دەنگ بزانم چی یەژێ

ـ ئای بۆ دووچەرخە ناسێنێ بۆ کوڕەکەی؟

ـ کوڕ کێ؟

ـ کوڕەکەی خۆی

ـ کێ؟ چی یەژی

ـ کوڕ خوا یەژم دەی

ـ خوا کوڕی نییە بەقوربان؛ کەسی نییە

ـ ئا چۆن نییەتی ئەی بورهان؟

ـ بورهان کێیە؟

ـ کوڕ خوایە

ـ تۆبە ئەستەغفرەڵڵا خوایە، ئەم کوڕە کافرمانی کرد ئیمشەو

ـ بۆ دەی مەگەر بورهان کوڕ خوا نییە؟

ـ بێدەنگ بە ئەگینا حاجی حەنێ بانگ ئەکەم بووکاتە دەرۆ

ـ باشە ئا قسە ناکەم ئیترا!

ـ ئافەرین کوڕە جوانەکەم

ـ ئای دایە ئەوە خۆ موعیزەکە ناو محەممەد ئەبات، محەممەد ماڵ دادە مریەم یەژێ؟

ـ مەگەر قەرار نەبوو قسە نەکەی ئیتر، ئەگەر ڕایەتر هانیتم بە تۆ بم

ـ ئەی ئەم تەلەفزیۆنە گەورە چییە دایانکووتاوە؟ ها دایە...دایە ئەوە باوامە، باوامم بینی، ئەوە باوامە بەخوا

ـ کورە وسس ئابڕووبەرا! دەی ئەوە تەبەقەی سەرۆیە پیاوەکان لەویا نوێژ ئەکەن، باوایشوو ها لەوێ

ـ دایە؟

ـ ئا دایە گیان

ـ وەختێ ئەگەڕاین بۆ کەوشەکانمان... خاس؟

ـ خاس دەی

ـ دەسم کەوت لە دەس ژنەکەی خوا

ـ ئەیرۆ چی یەژی قوڕ بەوسەرمە بۆ ئەو کوڕەزا شێتمە

ـ جا بۆ؟ وەڵا توورەیش نەبوو، کەوشەکەی بۆ دۆزیمۆ

ـ هههههه لەو کوڕە کەرە خوا بە منی داوە

ـ بۆ دایە بۆ کەرم؟

ـ ئەوە ژنەکەی مەلا هادی بوو!

ـ دایک بورهان؟؟!!!

◆ شەرمین ساڵحی




Pedro Ribeiro

## «زەنگی هیوا»

هاتبوو بۆ ڕێی ڕاستم بانگهێشت بکات.

گوتی: "لە کەیەوە گۆشتی بەراز دەخۆی؟"

گوتم: "نازانم، لەمێژە."

چووینە ناو باسی دین و ئایینەوە. هەرچی هێنای و بردی منی بۆ ڕێگای ڕاست پێ بانگهێشت نەکرا. نۆرەی من هات. منیش هەرچی هێنام و بردم بۆم بە ڕێگای ڕاستدا بانگهێشت نەکرا.

وەک دوا قسە گوتم: "تۆ بەقسەم بکە بڕۆ بڕێک بە دژی بیر و باوەڕەکەت بخوێنەوە، ئەوکات زۆر شتت بۆ دەردەکەوێ!"

گوتی: "ئەو کەسانەی بە دژی بیر و باوەڕی من نووسیویانە هەموویان مرۆڤن، تا قسەی خودا لەوێ ڕاوەستابێ چ پێویست دەکات بچم قسەی مرۆڤ بخوێنمەوە؟"

گوتم: "درێنگە دەبێ بڕۆم، بەر لەوەی بڕۆم پرسیارێکت لێ دەکەم: بۆچی لە قورعان دا باسی بەفر نەکراوە؟"

گوتی: "چۆن باسی نەکراوە؟ دەبێ باسی تێدا کرابێ!"

گوتم: "دڵنیابە باسی تێدا نەکراوە!"

گوتی: "دڵنیا نیم، زەمهەریرمان هەیە، ئەو بەفر نییە، بەڵام سەبارەت بە بەفر، ئەگەر باسیشی تێدا نەکرابێ ئاساییە، چوونکە خودا..."

قەیرێک بیری کردەوە و، هیچی بە زەین نەگەیشت؛ دواتر گوتی: "ئێستا باشە بۆ بەو ڕەمەزانەی کافرم کەی؟"

◆ ناسر فەتحی

## «سەرمای مەرگ لە ڕەمەزان»

لەو درەنگی شەوەدا سەری بە سەر مەکینەکەدا شۆر کردبووەوە بێ ئەوەی سەری بجووڵێنێ گوارە بەدەڵیەکانی دەلەرایەوە، هەودایەک دەزوو کە بە ددانی پچراندبووی، بە لێویەوە نووسابوو. تەقەڵێکی ئابی ئاسمانی کێشابووە سەرلێوی. سووری لێوی دایکم لە ژوورە ساردەکەماندا بریقەی دەهات. کاتێک زەنگی دەرکەی حەوشە کەوتە بەر گوێم یەک پێ بەرز بوومەوە. چاوەڕێی گەرانەوەی بابم بووین کە دوێنێ شەو ڕویشتبوو بۆ کوڵبردن.

کاتێک دەرکەم کردەوە هاوڕێی بابم بە شێوەیەکی سەیر وەستابوو ، روخساری پەشۆکاوی منی پاڵدا بە دەرگاکەوە، دایکم لەپشت سەرم بوو، هێشتا ئەو زەردە خەنەی کە بۆ بابم نیشتبووە سەرلێوی کاڵ نەببووەوە. بەهەموو جەستەی گرموڵەیەوە خزایە تەنیشتم، نیگای هاوڕێی بابم خەریک بوو شتێک بڵێ، دایکم لە من ڕاما، تماشای منی کردوو دواتر بە نزمی لە ژێر لێویەوە پرسی: کاک وریا تۆ کەی هاتوویەوە؟ ئەی کوا زانیار؟! هاوڕێی بابم دوولای شانی داخزایە خوارەوە لێوی خێچ و خوار دەبوو قسەی بۆ نەدەهات؛ دواتر بە سەبراییەوە وەڵامی داوە: دوێنێ شەو من نەچوبوم.

سەرمای درەنگانی شەو لەسەر بەفری حەوشە، خۆی مەڵاس دابوو. سینەی کراسە چێرەیەکەی دایکم وەکوو لە سەر تەناف هەڵخسرابێ، بەدەم هەناسەی خێرایەوە ڕادەژا. پشیلەیەکی سەرەگەردان لەسووچی دیوار، لە سەر کۆتە کاموا کۆنەکەم مت ببوو، دایکم لەچکەکەی کردەوە و دیسان توند توند بەستیەوە دەوری ملی، دەنگێک لە دەرەوەی حەوشە دەیکوت ئاااایی بەو ڕەمەزانەش بەزەییان نەهات و سینگیان دانە بەرگولله؟! ئای زانیار...بیستنی نێوی زانیار وەکوو گەردەلوول لەو بەری دیوار بازیدا حەوشەکەی ئێمە. بەفرەکانی حەوشە ورد ورد لەسەرمان رەق دەبونەوە. تاریکیەکی بەسام ئاڵابوە کراسە چێرەیەکەی دایکم. لەو کاتەشدا دایکم هەر لەچکەکەی لە ملی توونڕ دەکردەوە. وەکوو ئەوەی حەزێیەک پەلاماری دایکمی دابێت، دایکیشم پەلاماری پیاوەکەی دا وقیژاندی: چ بووە چ ڕویداوە؟!



دایە پرسیاری سەیر دەکات؛ لە من دەپرسن دەڵێم: بابم ئەو جارە بە خاتری من چووە بۆ کوڵبردن. دوێنێ شەو کاتی پارشێو کوتی: ئەوە جێژن هات کە هاتمەوە دەبێ کراسی چێرەی بۆ کچی خۆم بکڕم. حەکوو دایە گیان ئێستاش زۆری ماوە ببێتە پارشێوو کا عەبە گیانی مجێور دەس کاتە سەڵاکردنی پارشێو! هەرکا عەبەگیان دەس کاتە سەڵا بابم دێتەوە وچرای سەردەرگا هەڵ دەکات.

هاورێکەی بابم خەریکە دەکەوێتە سەرچۆک، خێرا ڕادەکەم بیگرم پشیلەکەش ڕادەکات بیگرێت. دایکم کراسە چێرەیەکەی دەکەوێتە ژێر پێی و شۆر شۆر دەئاڵێتە لاق و پلی و لە نێو بەفرەکاندا ون دەبێ .هەههه دایکە، دەڵێی کاعەبەگیانی لاقت فیچاوەتەوە. ئێستا هاوڕێکەی بابم ڕویشتوە بەشوێن بابم.

هەموو ژنانی گەڕەک هاتوون بۆ ئێرە. دایە گیانەکانم دوورن و دواتر ئەوانیش دێنە لای ئێمە پارشێو بکەن. ئێمە هەموو شەوێک کولێرە بەڕۆن بە ماست دەخۆین. ئەو شەویش کامەرانی کاعەبەگیان، تەشتێکی کولێرە هێناوە. دایکم هەرچاوی بەمن دەکەوێ دەڵێ: دەڵنیام ئێستا لە شاخێکی زۆرگەورن، یا چیایەکی زۆر ئەستەم و لەوێش خەت نییە بۆیە وڵام ناداتەوە. دواتر مۆبایلەکەی بەسینگیەوە دەنوسێنی. ئێستا وێنەی من و بابم توندتوند بەسینگی دایکمەوە نوساوە و ئەو وێنەیەی من و بابم، لەسەر بەرماڵێکی سەوز کە عەکسی ماڵی خواگیانی پێوەیە کێشاومانە.

دایکم هەرنازانێ چبکات. هەموو ژنانی گەرەکیش نازانن؛

من دەزانم بەڵام پێی ناڵێم. ئاخر دوو بەیانی دی جێژنە. بابم بەڵێنی پێداوم ئەوکۆڵەی کە هێنا بیفرۆشێ وکراسێکی چێرەیی، تازە لەهی دایکیشم نازتر و هیچیش کۆن نەبێت بۆم بکرێت. دایکیشم هەر خێرا بۆم بدوورێ و بەیانیش بەیەکەوە بچین بۆنوێژی جێژن. هێی دایکە! ئاخرتۆ بۆ ئەوەنازانی؟؟

پشیلەکە هاتۆتە بەر پەنجەرە وابزانم سەری لەو هەموو حەشامەتە سووڕ ماوە و لەمن دەگەرێت و نامدۆزێتەوە. من دیارنەماوم، چومەتە ژوورە تاریکەکەی دواوە و خۆم نوساندۆتە کوورەکە بەڵکوو لیباسەکەی ژێرەوەم کە تەڕ بوە وشک کەمەوە. من قەت قەت نامیزم بەخۆمدا. ئێستا دەچم زەنگێک لێدەدەم بۆ بابم با بێتەوە من تازە کراسیشم ناوێ، تەنیا بێتەوە و باوەشم کات ...زۆر زۆر سەرمامە.

◆ خەدیجە جاوید

## «مەرگە سات»

پێڵاوەکانی بەسەر شوستەو شەقامەکان دەساوی چەن پڕ بوون لە هیلاکی پڕ بوون لە یادگاری جێ پێکان .

لە هیچ شـــوێنێک نە خۆی دەگرت و نە وەخۆیان دەگرت هەر کات لە شـــوێنێکی بازاڕەکەدا پەیدات دەکرد .

فەرغوونەکەی مجۆعمەیەکی لەســـەر دانـابوو بڕێ خورمـای لەســـەر هەڵ ڕشـتبووە و یەک دوو پووش خورمای لە ژێر مجۆعمەکە دانـابوو، پاڵی تێوە دەنا ئەم سەرەو سەری بازاڕی دەکرد.

دوای ئەوەکە لەلایەن شـــارەوانـیـەوە تەرازووەکەیـان لـێ بـردبـوو یەکـێ لە دەستیەکانی بە پاتۆڵەیەکەیەوە نابوو.

هـاوارەکەی، دەنگی خڕەی تەرازووی بەر پشـــتووێنەکەی، موســـیقای دەڵتەنگی و برســـێتی منداڵەکـانی دەوتەوە ، بـاوک مردووی دەرکراوی شەقامەکان بوو ،

زەکات گری خێرات خۆری براکانی بوو .

چەن دوژمنی ســـوورە تاوی نیمەڕۆ بوو ، چەن ناسراوی سێبەری دیوارەکان بوو .

نەیـدەزانی ئێوارانی خۆش دەوێـت یـان زۆری قین لێیە ،

گوێـکـانی بەدوای دەنگی اللـە اکبری مزگەوتەکان دەگەڕا  کە دەیبیســـت پڕی دەکرد لە سڕ بوون .

هـاواری دەکرد وەرن بۆ خورما ،خورمای بەربانگە.

چـاوەکـان پڕ بـوون لە قـێز وبـێـز کە ســـەرەنـجـیـان دەدا ، دەیـانـبـرد بـۆ قووڵایەکانی تاریکی نامرۆڤایەتی .

بۆ قومە ئاوێک چووە دووکانەکەی پاڵی هەر کە شـــێرە ئاوەکەی بەرداوە خاوەن دووکانەکە هاواری کرد

_چیە ئەوە بەرۆژوو نیت ؟! تێح داوەشی ، کاســـبیش بە ڕەمەزانەوە دەکات "وەرن بۆ خورمای بەربانگ" .

_بۆ تۆ ڕۆژووت گرتە بووی بە چی ؟ دوای ئەوەش بە ئـاو نـاشـــکـێ من تەنیـا ئـاوم خواردە حاشا لە تیکەیەک نان.

_دەک بـە قولـپەی زووخاوت بێ زمـانـت پای گرتە دا بچۆ دەرەوە.

_کاکە لەسەر زگی تێر قسە دەکەی ، ئەو خوایەت پێت نایەژێ بەشـــەماڵ خواردن تاوانی هەیە؟! نەی وتە کە ئێمە هەمووەمان

دەمرین پێش ئەوەی دوایین هەنگاومان بنەین؟! هەر دەبێ دەمت بە قوتەوە بگری؟

من لەدوای مردنی باوکمانەوە بەرۆژووم.

کاکە من خوایەکم هەیە رۆژێ لە گریانی منالەکەمەوە دەنگی دەربڕی بە چاوەکانی

ژنەکەمە هاتە خوارەوە پێی وتم رۆژوو بە ئاو ناشکێ.

◆ زانا شەریفیان



Philipp Schlegel

**«دەستدرێژی»**

نوێنەرانی خودا لەسەر زەوی، هەموو ڕۆژێ بە زیندانییەکان ڕۆژووەکەیان دەشکاند.

◆ ناسر فەتحی



Enrique Ramos López

## «ئازاری بێ دەنگ»

تازە چاوم لێکنابوو دایکم هاتە ژوورسەرم و بە ئەســـپایی گوتی:"کورم هەســـتە درەنگە" خۆم مـات کرد و چرتەم لە خۆم بڕی قەدرێک ڕاوەستا دیسان هەرای کرد حەســـەن هەســـتە لە گەڵ تۆمە ئەو جار ڕایتلەکاندم و گوتی :"هەســـتە هەســـت درەنگە ئیتر نایەمەوە ها! بۆ خۆت باش دەزانی دەبێ هەســـتی ئەگینە بـاوکـت ئابڕوومان دەبا!

چاوم هەڵێنا و گوتم :" باشـــە باش بە خەبەرم ئەوە هەڵدەستم دایە گیان

دایکم ڕۆیشـت هەناسـەیەکم هەڵکێشـا و کەوتمە سەر پشت لە بەر خۆمەوە گوتم :" ئاخ خۆ من هێشـتا نەخەوتووم هەسـتانی چی؟ چەند مانگە خەو و خۆراکم لە خۆم حەرام کـردووە بەیـانـی ئەزمـوونـێـکـی ســـەختم هەیە' قەدرێک خۆم مات کرد نەڕە و هەرای بـاوکـم ڕایـچـڵەکـانـدم دەیگوت:" ئەوە هەڵنەســـتـاوە؟ حەی بە زیادم نەکرد ئەو هەسـتان و پارشـێوە خۆ ئەوە مەلا بانگدانە!

لێفەکەم فڕێ دا و لە ســـەر جێی خۆم دانیشـــتم زۆر مـانـدوو و خەواڵوو بووم کەوتمەوە بیر ڕۆژانی منداڵیم ئەو کاتەی باوکم پارشـــیو هەڵی دەســـتاندم و بە خەوەوە دەیکێشـامە سـەر سفرە و بە زۆر نـان و چـای دەرخوارد دەدام و دەیگوت

:"زۆر پخۆ بەیـانـی برســـیـت دەبێ تۆ لە تەمەنی تەکلیف دای و دەبێ بەڕۆژوو بی!

پارشێوێک هێندی دەرخوارد دام لە سەر ســـفرە ئەوەی خواردبووم هێنـامەوە دوو شـەو و ڕۆژ هیچم پێ نەخورا و بە سـەر و بە ژێر حێقم دەکردەوە!

دایکم هاتەوە ئای ئای خۆ ئەوە دانیشتووە کورە ڕۆڵە هەستە بەزمم بۆ ساز مەکە بە قوربان' قرچە پێ هەســـتام با بڕۆم هەر ئێســـتە دەیکـاتە ژار و ژەنـگ چش لە کونکووری بەیانی!

باوکم لە دەستنوێژ بوو بە پەلە ڕونیشتمە سـەر سفرە و ملم لە خواردن نا' سـەرم لە گێـژەوە دەهـات و دڵـم پڕ بـوو چم بۆ نەدەخورا هەر ئەو دۆخەی پارشـێوی دوێ شـەو و پێرێ شـەو و شـەوان و سـاڵانی پێشوو!

پارشـێو لە ماڵی ئێمە لە سـەعات دوو و نیو هـاوکـات لە گەڵ ســـەڵای مزگەوت دەستی پێدەکرد باوکم هەمووماني ڕاست دەکردەوە و دەیگوت :"خێری پارشـــێو و ڕەمەزان لە شــەو نوێژی دایە دۆعا بکەن و بپـاڕێنەوە خودا لەو مـانگەدا لەگەڵ ئۆمەتی خۆی بە ڕووحم و بەزێییە!

دایکم دبوایە زووتر لە هەموان لە خەو هەسـتێ و چێشـتی پارشـێو سـاز کات باوکم بۆ پارشێو چێشتی تازەی دەویست و حەزی لە کەتە بە ڕۆنی کوردی بوو لە

گەڵ کشـــمیش و خورما یــان ڕوبی ئاڵووباڵوو!

پاش ئەوەی مەلا هەوەڵ بانگی دا باوکم دەیگوت:" ئەوە بانگی نەخواردن بوو یانی لە خواردن و خواردنەوە دەســت هەڵگرن' پاش تەواوی ڕێ و ڕەسـمی پارشـێو ڕۆژ دەبۆوە و وڵات ڕووناک دەبوو و کـاتی ڕۆیشتنی قوتابخانە دەگەیشت!

لەو پارشێوەش بە سڵامەت ڕزگاریم هات خۆم خزاندە نێو جێو بانەکەم و لێفەکەم بەسەر خۆم کێشا چاوم لە سەعات کرد بۆ دەســـپێکی ئەزموونی کونکوور دوو سـەعاتی مابوو سـەعاتم قورمیش کرد نەمزانی چۆنم خەو لێکەوت' بە هەرا و قیژەی دایکم خەبەرم بۆوە دایکم بە چەپۆک بە ســـەر خۆیدا دەکێشـــا و دەیگوت:" حەسەن هەستە بەدبەخت بووین حەپەسا بووم قسەم بۆ نەدەهات قەدرێک لە دایکم ڕامام دەستیم گرت و گوتم :" چ بووە کەسێک مردووە؟ باوکم؟ گوتی:"کوڕە ڕۆڵە دەزانی سەعات چەندە؟ بۆ وەخەبەر نەهاتووی؟ تۆ ئەوڕۆ ...

نەمهێشت قسەکەی تەواو کات قرچە پێ هەستام پاتۆڵەکەم هەڵکێشا و دەستێکم بە سـەروو گۆلاکم دا کێشــا و هەڵاتمە دەرێ دڵنیام ناگەمێ ســەعاتێک تێپەڕ بووە!

گەیشـــتمە بەر دەرکەی شـــوێنی بەرێوەچوونی ئەزموون هێزم نەما و ئەژنۆم شـکا دەرکە داخرابوو لە حاستی خۆم دانیشـــتمە عەرزی دڵم توند لێیـدەدا هەنـاســـەم دەرنەدەهـات لەوانە بــوو ســییەکانم بپچڕێن بۆ چرکەیەک لەشـم سـارد بۆوە قەدرێک لەو دۆخەدا مامەوە هێزم نـایە بەرخۆم و وردە وردە هێور بوومەوە لارە و لار هەسـتامە سـەر پێ و وەڕێ کەوتم دەسـتم خسـتە نێو گیرفانم هێنـدێـک قەرەپوولم پێ بوو ســـواری تاکســـی بووم و خۆم گەیاندە دووکانی کەریم' کە کەریم چاوی پێم کەوت بە دڵە ڕاوکێ گوتی :" ئەوە هەتیو ئەو ڕەنگەت بۆ وا بزرکاوە"؟ گوتم :" هیچم لێ مەپرسە تەنیا سیغارێکم بۆ داگیرسێنە با بڕۆم"

سیغارم بە لێوەوە نا و مژێکی قوولم لێدا هێشـــتـا دووکەڵەکەیم نەدابووە دەرێ حـاجی عەوڵای جیران دووکـانی بـاوکم هەڵقولێ و لە بەر دەمم شین بۆوە! ڕێگای هەڵاتنم نەبوو بەرامبەرم ڕاوەستا سیغاری بە دەســـتمەوە دی بە تەوســـەوە گوتی:" چۆنی کوڕی مەلا"؟ تۆوو ســـیغـار؟ لە ڕەمەزاندا حەی...

نەمهێشـــت قســـەکـانی تەواو کـات گوتم:"فەرموو حاجی مژێکی لێدە دەزانم زۆر تـامەزرۆی و ســـیغـارکێشـــێکی قەهـاری"! لێم هـاتە پێشـــێ و لە بن گوێچکەم چرپاندی:" ڕۆڵە تۆ کوڕی کێت پێ دەڵێن بەداخەوە بۆ ئەو باوکە چاکەت"!

دەمزانی ئـاوای نـاخۆم دڵنیـا بووم هەر ئێســـتە دەچێتە لای بـاوکم و بۆی دەگێڕێتەوە'لە بەر خۆمەوە پڕ جنێوم کرد

ئەخر بڵێ سەگباب من دێمە قەبری تۆوە تۆ ئاگات لە قوونی خۆت بێ!

باشتر وایە جارێ نەچمەوە ماڵێ لانی کەم با دایکم تێ نەگات لە وانەیە لە سەرخۆ بچێت!

تا نیوەڕۆ خۆم خافڵاند و دواتر ڕۆیشتمەوە ماڵێ' دایکم بە خۆشیەوە بەرەوپیرم هات و گوتی;"چ بوو کورم شوکر باش بووی دەمزانی باش دەبی حەولت زۆر دا دڵنیام ئەو ساڵ باش دەبی' قسەم بۆ نەدەهات تەنیا گوتم: ماندووم!

ئێوارێ نیزیک بەربانگ خۆم ساز کرد بڕۆمە دەرێ دایکم گوتی:" بۆ کوێ"؟

گۆتم:" دایە گیان با ئەو شەو لە ماڵێ نەبم ئەوڕۆ ...

قسەکانم تەواو نەبوو باوکم کلیلی لە دەرکە نا و هاتەوە' سفرەی بەربانگ لەو سەر تا ئەوسەر ڕاخرابوو خێزانی ماڵێ کە بە باوکمەوە سێزدە نەفەر بووین لە دەوری سفرە دانیشتبوون ئێمە منداڵەکان سێ برا و حەوت خوشک بووین و پوورم خوشکی باوکیشم لە گەڵ ئێمە دەژیا' هەموو چاوەڕێی بانگ بوون بۆنی کفتە و شۆرباو ولاتی داگرتبوو دەوری سەوزی بە توربچەی سوورەوە لە ناوەڕاستی سفرەکە جوانیەکی تایبەتی ساز کردبوو مەشکەفی بە دەستی خۆشکە گەورەکەم سارا بە گوێز و دارچین ڕازا بۆوە چەند پیاڵە خورمای ڕەش و بریقەدار لە گەڵ کەشەفێک چایی لە شانی ڕاستی سفرەکە دانرابوو.

خوشکە چکۆلەکەم پیاڵە مەشکەفیەکەی لە سەر کۆشی دانابوو و دەنکێک خورمای لە سەر مشتی ڕاگرتبوو چاوی لە گەورەکان بڕیبوو پێی خۆش بوو کە بانگی دا هەوەڵ نەفەر بێ ڕۆژووەکەی دەشکێنێ و باوکم وەکوو هەمیشە پێی بڵێ:" بارەقەڵڵا کچم ئەوە چەند؟دوو؟سێ؟چوار؟ڕۆژوو"و بە پێی ژمارەی ڕۆژ خەلات وەرگرێ!

لە پشت سەری باوکم نوێژم دابەست باوکم ئاوڕی داوە و مۆڕەیەکی لێ کردم چاوی سوور هەڵگەڕا بوو لەو کاتانە بوو شەڕی بە دەستەوە بوو ئەو جار دڵنیا بووم حاجی کاری خۆی کردووە!

باوکم سەلامی ئاخیری نوێژەکەی داوە ڕووی کردە خێزان و گوتی:" خودا لە هەموو لایەکی قەبووڵ کات ئەوەی گرتوویەتی خودا بیپارێزێ و ئەوەی خواردوویەتی خودا وەک سەگ بە نەحلەتی کات!

ڕووی کردە من و گوتی:" ماندوو نەبی"! گوتم;" لە چی بابە گیان"؟ گوتی:" لە ڕۆژوو" گوتم: "سپاس پێم وابوو لە ئەزموونی کونکوور دەڵێی" :

دەنگی هەڵێنا و نەڕاندی:" ئەوانە هەموو دەرسی شیاتینن خودا غەزەبت لێگرێ و ڕووت ڕەش بێ یارەبی کافری مەلعوون

تۆ سیغار بکێشی لە ڕەمەزاندا! هەستە وەدەرکەوە هەستە!

هەرا و بگرە ساز بوو کەس هۆشی بەربانگی نەبوو تەنانەت خوشکە چکۆلەکەم سووری کە مەشکەفیەکی ڕژا بووە سەر کۆشی!

سالێک لە ماڵێ قاچاغ بووم دوو مانگ ئاوارە و هەڵوەدای شاران و دواتر چوومە ماڵی پوورم و درێژەم بە خوێندن دا بۆ ساڵی دواتر لە ئەزموونی کونکوور قبوول بووم و بۆ تەربیەت موعەلیمی ورمێ وەرگیرام دڵخۆش بووم لانی کەم بۆ ماوەی دوو ساڵ لە ڕەمەزانی ماڵی باوکم ڕزگار دەبم!

هەوەڵ ساڵ بوو یاسا و ڕیسای خابگایان بۆ خوێندینەوە دەقاودەق هەمان یاساکانی ماڵی باوکم بوو نوێژی بەیانی لە کاتی خویدا' ڕۆژوو لە مانگی ڕەمەزان وەکوو واجیباتی دینی و ...

هەوەڵ ڕەمەزان گەیشتێ سەعات دوو بەلالی حەبەشی هاتە بەر دەرکەی خابگا و بە دەنگی بەرز هەرای کرد:" الجنوب و بالصلات" هەستن بۆ نوێژی بەیانی!دەرکەی دەکوتا و تا دواهەمین کەسی خابگای لە خەو ڕاست نەکردبایەوە وازی لێنەدەهێنایین! کوڕەکان نێویان نا بوو بەلالی حەبەشی'

یەکێ لە سەرپەرشتەکانی خابگا بوو کەسێکی ڕەش تاڵەی دەم و فلچ ئەستوور و دەنگ زل!

هەوەڵ شەوی ڕەمەزان بوو هەموو بە چاوی خەواڵوو دەبوایە چووباینە نێو سەفێکی دوور و درێژ نان و چێشت وەرگرین بۆ پارشێو!لەبەر خۆمەوە گوتم:"حاج بەزیادم نەکرد سەت ڕەحمەت بە پارشێوی ماڵی باوکم!

پاش خواردنی پارشێو ئەو جار نۆرەی سەفی ئاودەست و دەستنوێژ بوو و دواتر بەشداری کردن لە نوێژی جەماعەت و دۆعا و ...تا ڕۆژی ڕووناکی دەخەیاند و دواتریش حازر بوون لە سەر کلاس!

سەلا بە دەنگی بلاوێنی ئاغای عەسکەری لە سەر شریتی مزگەوت بلاو بۆوە لێفەکەم لە خۆمەوە پێچا و ڕووم کردە دیوار هێشتا چاوم لێکنەنا بوو فەرزانە کچە گەورەکەم بە پرتاو هاتە ژوورێ و هاتە ژوور سەرم و بە ئەسپایی گوتی:" بابە گیان بابە دایکم دەڵێ هەستە درەنگە پارشێوە!!!

◆ پەروین شێخی



## «کایە»

زۆر لێی پاڕامەوە بارەکەمان بۆ تەواو بکات. جاران بوایە دوو ئەوەندەش بەرەجی شـــان و قۆڵی نەدەکرد. کەچی ئێســـتا هێندە تینوو بوو دانیشـــت و تکای تیا کردم نیو ســـەعاتی بدەمێ.ئاخۆ ئەیگوت دوێشـــەو لە مەیدانبار هێند درەنگ ڕۆشـــتوومەتەوە بۆ پارشـــێویش هەڵنەســـــاوم. لە تینوویەتیان دا خەریک بوو ببوورێتەوە. گوتم بیشـــــکێنە. گوتی نا نا اســـــتغفرالله! ڕۆژێک چییە لێم نەخواردووە. گوتم دەی باشـــــە زۆری نەماوە بۆ بەربانگ هەستە بڕۆرەوە دوای شێو وەرەوە. کە ئەمەی بیست لەپڕ هەستا و خێرا فەردەیەک برنجی خســـتە ســـەرشـانی و بە هەناســـەســواری گوتی: زۆرم پێناچی. ئەمشـــەو یارییەکەیە! دەڵێن موحەممەد سەلاح بە ڕۆژووە و کایە ئەکا. وەڵڵا هونەرە!

◆ موحسین سوبحانی



Stefan Lange

## «لا إِكراهَ فِي الدّين»

چاییێکم تێ کرد تا لەگەڵ نانی بەیانی بیخۆم. جێگای کارمان کابینەیەکە دەوران دەوری شوشەیە و بە ئاسانی هەر کەسێک کە بە وێدا تێبپەڕێ دەتوانێ ژوورەوە ببینێ!

خەریکی خواردنەکە بووم هەستم کرد یەکێک سەیرم دەکات، هەر کە سەرم بەرز کردەوە ملم لە هەورەکان تێپەڕ بوو.

◆ ئەمیر سیراجەدین




📷 Enrique Ramos López

## «ڕاهێنان»

پارشێوێ پێش ئەوەی هەستێتەوە؛ لە خەونی دا وەک یەکەم ڕاهێنەری وڵات، مداڵێکی ئاڵتوونیان لە مل کردبوو. قاوەڵتوونێ لە لایەن سەرۆکی شارەوە بانگ کرا بۆ فەرمانگە. بە دەستووری سەرۆکی شار، هێڵی سووری کێشا بەسەر ناوی ئەو دوو یاریزانەی وا لەسەر مافی مرۆڤ وەدەنگ هاتبوون. لەگەڵ سەرۆک چاک ڕاهاتبوو; خەونی خەونەکەی دەدیت. زۆر بەدەماغ ئێوارێ, بامیە و زولوبیای بردەوە بۆ منداڵەکانی! دەمەو بەربانگ, دوو یاریزانەکە لە کارەساتی هاتووچۆ دا گیانیان لەدەست دا. هیچ گوناحێکی پێوە نەنووسا؛ بەڕۆژوو بوو!

◆ بیژەن ڕەحمانی




📷 Ingo Ahlsdorf

## «ڕۆژووخۆر»

- دایە گیان ئەوە بۆ نای چێشتەکەت بخۆی؟

- من ناخۆم برێک سەر دڵم ئێشێ.

- دەی وەرە تا بڕۆین بۆ دوکتۆر.

- نە حیچ نیە، هێندە ماندووم، دەبێ بنووم، دوایە چاک دەبمەوە.

- کوڕە دەی تۆ وەرە نانەکەت بخۆ بە قوربان. دایە گیان نەکا بە ڕۆژوو بی، ئەوە هەر چۆن لە بیرم کردبوو; ئەرێ؟ بە ڕۆژووی؟

- ئەرێ وەڵا گەر خودا قبووڵی کا ئەمڕۆ سێ ڕۆژە بە ڕۆژووم.

- دەی ئەمن چۆن دڵ بەدوات نەبم؟ دایە گیان لێ گەڕێێێ لەم چەند ڕۆژەی کە من نیم ئاگات لە خۆت بێ، ئاخر ڕۆژووی چی؟ بۆ تۆ ئەوەندە ساویلکەی، وەرە ئەمڕۆ بیشکێنە تەواوی گوناحەکانی لە پێ من، چا چەندەش خۆشە لەگەڵ ئەو ترشی و نانە تازەیە، وەرە لای خۆم دانیشە تیکەت بۆ گرم.

- نۆشی گیانت بێ سابی گیان، بەخودا زۆر گوناحە نایشکێنم.

- چاوی من،برای من، کەسی من،تۆ دایمە نەخۆشی، ئەو هەموو حەب و دەوایە چۆن ناخۆی؟

- دەڵێم هیچم پێ نایێ، خودایە خۆت لەم کوڕە گەمژە خۆش بە.

دوایی لە ژێرەوە بۆ خۆی دوعایێک، شتێکی بە عارەبی خوێندەوە و گوتی ئامین.

- دایە گیان وەڵا ئەمانە حیچیان قبووڵ نین و خودایش قەت ڕەزا نیە پیرێکی وەک تۆ نان و چا نەخوا، برا تۆ ناوی کەس مەبە، چوزانم درۆ مەدە، دزی مەکە، خودا خۆی لێت خۆش دەبێ.

- وەڵا دەست خۆش بێ کاکە سابی، ئێستێ دایکت بوو بە دز و درۆزن؟ بیست ساڵ بە ڕەش و ڕووتی و داماوی دانیشتم و بە تەمای گەورەبوونت دایم چاو بە گریان بووم، ئێستێ وام پێ دەڵێی؟ کوڕەکەی دادە خەجێ ماڵ کاکە حەمە بێ دایک و بابە و دایم لە مزگەوتدایە و قورعانێکی بە دەستەوەیە، تۆش بۆ من بوویی بە گاور و بێزت لە ڕەمەزانە...

- ئاخر من کەی قسەی وام کردە؟وەڵا دەس و چاویشت ماچ دەکەم بەڵام دەڵێم پێویستی بە ڕۆژووگرتن نیە،دایە توخدا ناوی ئەو کابرایەش مەبە، باش دەزانی چەندە ڕقم لێیە، جوانیش خۆی کردە بە دەرگای مزگەوتەکە. ( ئەی بە قوربانی ئەو پێکەنینە جوانەت بم) دەی هەستە نانەکەت بخۆ.

- ڕۆڵە گیان دەڵێم ناخۆم، وازم لێ بێنە...

ـ باشە تۆ ئەمڕۆ بیشکێنە، بەخودا ڕەنگت بزڕکاوە، سێ ڕۆژە حەبیشت نەخواردوە.

ـ ئەوە چ بوو؟

دایە گیان دەنگم دەبیسی؟ دایە توخدا چاوت کەرەوە، دایە قسە کە، ئەوە بۆ هیچ ناڵێی، دایە باشی؟ ڕاوەستە حەبەکەت بۆ بێنم.

دەواکەیم پێ دا و لێوانێک ئاویشم پێ خوراند بەڵام ئەو مێشکەی وەها بەرگری دەرکرد کە دەمی نەکاتەوە جگە لە سێ چوار دڵۆپ چیتر نەچوو بە گەروویدا،دەیەویست خۆی بکوژێت بەڵام ڕۆژوەکەی نەشکێنێ و ئەو ئاوە نەخواتەوە نەکا خودا دوایە لێ پرسێ ئەوە پیرێژن بۆچی لە ڕەمەزانی ئەو ساڵە پڕ کەیاسەیەدا بە ڕۆژوو نەبووی؟

◆ سەددەف فرووغی



📷 Torben Holstein

## «ئینتەرنێت و من»

حەوتەیەک بوو هێڵی ئینترنێتم پچکڕا بوو

ڕۆژی یەکەم: هەر دەت کوت ژانە زگم گرتووە وەک ژەنگە سـوورەی دەهاتم و دەچووم لە ماڵێ و دەگەڵ ترِی بزنیش بەشەڕ دەهاتم ، خێزانیشم هەر دەیکوت : جا ئەوە هێستا چ لێنێم بۆ نەهار ؟ ئەی چ ساز کەم بۆ شام ؟ حەوتووی دی بۆ زەماوەندی خوشکم چ دەبەر کەم ؟ قەڵەشتی ئەم پانتۆڵەت چۆن بدرووم ؟

ڕۆژی دووهەم :گەر ڕوانیمە مناڵان دیتم خۆ گەورە بوون و یەکیان ئەوە پۆلی چوارە و ئەوانی دیش دوو و یەک و یەکیشان نازانم گەنگێ خێزانم لە مەمکانی کردۆتەوە و ددانانی شین بوون ، ڕۆژی سێهەم : گەر کوو بیستۆکم وەدەنگ هات و ژومارەی بابم دیت زانیم خۆ هێستا هەر زیندووە و بەتەواوی سڵاوم لێنەکرد بوو هەرای کردم:ئەوە لە کۆی کوڕی سەگبابەی ؟ ناڵێی بابم لە لاق کەوتووە با سەرێک لەم مووچەو مەزرایەی دەم ! گاڕانی دێی سێ جار زەڕی گەنمەکەی خواروو و وێنجێکەی قەراخ چەمیان کردووە هەر نەتزانیوە پانێر!

ڕۆژی چوارەم :بە عادەتی سێ ڕۆژەکەی دی لە تەنیشت پەنجەرەی وەک پیرە مووعتادان کوورمەم کردبوو و هەر سەردانی بیستۆکم دەکرد و دەم دی چی لێهەڵناوەرێ خێزانم لە ناکاو چایەکی لە پێش دانام و کووتی: فەرموو میرزا

نازانم بۆ ئەم میرزا کووتنەی سەد لە ئاغا و گیانەکەم و قارەمانەکم کووتنی لاوێن گوارە جوان ، پەری لووت شوشی تاقمی کۆمەڵایەتی کەوتە بەردڵم ، وەبیرم هاتەوە هەتا مێردی پێکردم دە بەڵێنی درۆم پێدا و سەد جار لێی پاڕامەوە و هێستاش چۆن بەداری لەعنەتیەوە هەڵچووم و بە دوو نامیلکەی نەناسی لێو ئاڵ و چاو کاڵان دەکەومە جۆش و لێی کەوتوومەتە سەر کلکان . هەر ڕۆییشت ،چاوێکم لەم لاو و لەولای کرد و تفێکم هەڵاویشتە حەوا و بە خۆم کووت :هەی گوو بە غیرەتت ،جا بە خۆشت دەڵێی پیاو ؟

هێستا قسەم دەگەڵ خۆم تەواو نەکردبوو تەرایەک کەوتە ناوەڕاست تەپڵی سەرم و تازە وەبیرم هاتەوە گەر تفم هاویشت دەبێ بەرەو پێشەوە سیلە بگرم و بۆ زانینی زاویەی هەڵاویشتنی تف ڕووم کردەوە گووگوول

ڕۆژی پێنجەم: خۆبەخۆ لە جیات گۆرانیەکانی نۆی شەهرام تەتوو و بەهرام هیچ و پووچ و پێدڕام ساسی خەیاڵی ماملێ و عەلی مەردانی لە کەلـلەی دابووم و ئەوی دەمکووت نەمدەکوتەوە ،کە لە پڕ خێزانم هەرای

کردم : بیکە خاتری خودای چی دی مەیلێ ،دەنگت لە گۆپاڵی کاحەسەنی پوورم دەچێ ، ئەستوور و ناتەراز و گڕوێ

ڕۆژی شەشەم : گەر کوو دیتم هەڵمێکی سپی لە دەرکەی هۆدەی سووچێکی هاڵێمان دێتە دەر تازە وەبیرم هاتەوە خۆ ئێمە هۆدەیەکمان هەیە بە ناوی حەمام ،گەر چوومە ژوورەکەی هێندێک نامۆ هاتە بەرچاوانم و گەڕامەوە پاشخان و ڕۆبوومە بیستۆکم بزانم گووگوول قازانجەکانی چۆنیەتی حەمامی چ نووسیوە کە خێزانم لە حەسارەوە هەرای کردم:

پێت عەیب نییە وەک بارام وەیسی بە ڕووتی هاتوویەتە پاشخان ؟ ئەم دەم و ئەسبابەی خۆت پێ جوانە یا عاقڵت گۆڕاوە ؟

کووتم : کچێ هاتوومەتە دەر بزانم شێوازی زانستی حەمام کردن چۆنە ؟

هەرای کردمەوە :ئێستا بابێم حەمامی زانستیت فێر دەکەم ،لە ڕقان وای کیسە لە پشتان و بەردە پێ لە پێیان دەدام ، پلێتە چڵکانم لێدەبۆوە وێنەی کەوڵ هاویشتنی بەهارانی کووتکە مار و سەرمازەلان. هەر هاتمە دەرێ بە تەواوەتی پیرەلۆکەم بەست بوو و ناسک ببومەوە کە کووتی :جا ئەو جارە ڕەنگی پیاوانت هاتەوە بەرێ و بوویە موسووڵمان

ڕۆژی حوتەم یا هەشتەم یا نۆهەم بوو بەتەواوەتی تێکەڵم کردبوو ،کاتی ئێوارێ چاوم ڕەشکە و پێشکەی دەکرد و قسەی هەتەران پاتەرانم بە خێزانم دەکووت

)_ئەرێ بۆ ئەم مناڵانەمان سەریان وەک من دەچێ و بنیان وەک تۆ! ئەرێ بڵێی ئەم پراپدەم، برا چکۆلەی شەوڕلێت نەبێ ؟ ئەرێ من و تۆ بۆ لەکن یەک دەنووین ؟

ئەرێ بڵێی من و خووشک و براکانم وەک ئەم زنجیرە فیلمانەی ماهوارەییلە یەک باب و چەند دایکان نەبین ؟ ئەرێ .......ئەرێ.......

خێزانم گەر بەو حاڵاتەیەوە زانیم دەست و بە جێی چوو کن سەماوەر و شتێکی سێ سووچی لە کەوای دەرهێنا و لە چایەکەی هەڵکێشا و دایمێ دوایە بەرماڵی ڕاخست و هەر بەم عەسرە دەستی کرد بە شەو نوێژان ،گوێم لێ بوو بۆم دەپاڕاوە :خودایە لە گووناحانم خۆش بی ،خودایە چ هەڵەیەکم کرد تووشم بە تووشی ئەم زگ زلە برسیە کەوتووە؟ ،خوودایە تۆبە ،زیارتی چاک و پاکانم نەویست ئەم کابرایەم بۆ بیهێنیە سەر ڕێگەی ڕاست ، خودایە لە ئاهی غەیاسی خاڵۆزام بە دوورم کەی ،جا چۆن دڵی ئەم پیرە کوڕەم شکاند بۆ خزمەتی ئەم دارە بێ بەرە ،ئەوەندەی دوعا بۆ کردم کاری هیچ دایک و باب و خەڵیفە نەبوو ، کەمی مابوو لۆچێک خۆڵم بۆ دەپرێسکەی کا و

بمنێریێ بۆ سەفەری ئاخیرەت ،بە خۆم کووت :بە قسەی کەس نەچمە بەهشت و جەحەننەمێ بە ئاهی ئەو کچە سپیەی ناو مزگەوت دەچم ، لە پێش چاوانم دەتکووت حۆریە شەلەیە ڕێگای لێ ون بووە لە خەلدی بەرین و هەڕام کردێ بیگرم و لە گیرفانانی نێم بۆخۆم ،لێم گەڕاوە و یەک بە خۆ باسکانی گەزتم و تازە زانیم حۆریەکانیش ددانیان هەیە و لە ژانی جێگا گەزتنی بەرم هەڵدا

ورۆبوومە بیستۆکەکەم تا بزانم چۆن عیلاجی ژانی کەم کە دیتم هێڵ پڕە ،خۆبەخۆ هەرام کردە خێزانم:

کچێ ڕەشە ڕەیحانە مزگێنم دەیە ،چاک بوومەوە

◆ ڕەزا فرووغی




Thomas K

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتانەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگرامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەموکوڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەموکوڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

## کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!

٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاراگرافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ـی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ◌̆◌̄ ◌̄ ◌̆◌̒ ◌̄,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : > = ☼]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"

ئاوا هەڵەیە:
گوتم:
ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆڕ، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

٩ ـ ئاھ ـیش ئاوا دەنووسرێ: ئاھ نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "ھ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبورە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،

١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرچ بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.

تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!

# چیرۆکی میوان

**«سروە»**

- سۆران گیان! ئەم گوندەی ئێمە لەم ناوچەیەدا تایبەتە. بە جۆرێک کە بۆ هەمووان ئاشکرایە کە ڕووناکبیرین. تۆ سەیر بکە! سەیری ئەو هەڵپەڕکێیە بکە؛ ڕەشبەڵەک و گەنمۆجۆ هەمووان دەستیانگرتووە.

- ئەو سەرچۆپییە کێیە؟

- چی؟ دەنگت نایەت، بەرزتر قسە بکە.

- دەڵێم ئەوە کێیە لەسەر چۆپی؟

- ئەوە کچی شێخ حەسەنە.

دەمی نزیک گوێم کردەوە و گوتی: ((حەزم لێ دەکات؛ هههههههه؛ بە سەحەری خوشکمی گوتبوو ئەو برایەت کەی ژن دێنێت!))

ناقم چنابوو کە پێم گوت: ((ئەم قسەیە واتە حەزت لێ دەکات؟!))

بە دەنگی بەرز گوتی: ((ئەی بەخوا گەمژەیت! ئەی خۆ کەر جووتەی لێ نەداوە لە خۆوە وا بڵێت!)) سەرێکی لەقاند و چاوێکی قرتاند و لە گوێمدا چرپاندی: ((تازە ماچیشی پێداوم.))

بزەیەک گرتی و بەردەوام سەیری کچەی دەکرد کە چۆپیی خولدەدا، کراسێکی شینی سەقزیی لەبەردا بوو و حەگاڵەکەی کەوتبووە سەر شانی و کە خۆی ڕادەوەشاند، لەرەی گۆشتی دەهات. بەو چاوە ڕەشانەیەوە لە زەینمدا وێنام دەکرد کە کاتێک ماچی بە حەمەی هاوڕێم داوە، چەندە کوڵمی ئاڵتر بووبێتەوە! لە ناکاو حەمە شانێکی لێدام و بە دەنگی بەرز گوتی: ((هۆی سۆرانە ڕەش، چییە چاوت بڕیوەتە براژنت؟!))

- هیچێ نییە باوان؛ دەڵێم بزانم براژنم شازە بۆ ئەم برایەم.

- دەی چاکە چاکە، ئافەرەم. هەر لە خۆم جوانە. هەهەهەهە.

حەمە دووبارە شانێکی لێدام و بە گوێمەوە گوتی: ((سەیری ئەو سمێڵفشە بکە پاڵی داوەتە ئەو دیوارەوە و وەک کامپا دووکەڵ دەداتە دەرەوە!))

- کامە؟

- ئەها کۆتێکی ئەمریکایی سەوزی لەبەرە، لای ڕاستمانەوە.

- ئەها! دەی دەی!

- ئەو هەتیوەی زۆڵە بەو سمێڵەوە کە ڕەشی کردووە، قون دانە ژنی لێ دەرناکات، سەیری هەموویان دەکات.

- دە با سەیری بکات، چیی دەستدەکەوێت؟

- هیچ وەڵا! ئەو سەگبابە تێر ناخوات! ژنەکەی خۆی قونێکی پێوەیە، وا لەژێر باڵیدایە.

- هەهەهەهەهەهە؛ خوات بتگرێ بۆ قسەت.

حەمە نەختێک پێکەنی و ماقی چۆپی بووەوە. دەنگی ئۆرگ و گۆرانی، هەموو خەڵکی گوندەکەی ڕاکێشابووە سەربانەکان. کۆتاییەکانی ڕەشەمە بوو، بەڵام وەک جاران، خەڵک شەوقی هاتنی نەورۆزیان لە دڵدا نەبوو! ڕووخسارەکان داشۆڕابوون! نیگاکان مردبوون! ئەو مۆسیقا و گۆرانییانەیش ڕۆحێکیان تێدا نەبوو!

کچێکی لەڕ و لاواز و کورتەباڵا، بە دەموچاوێکی داشۆڕاو و نیگایەکی سارد، لە نێو حەشیمەتی بینەرانەوە هاتە دەرێ و بەرەو گۆڤەندەکە چوو و لە ناوەڕاستەوە و لە نێوان دوو کچدا دەستی گرت. نەتەنیا نیگای من، بەڵکوو هەموو نیگاکان بەرەو ئەو چوون! جلێکی سەوزی سادەی کەمڕەنگی لەبەردا بوو. لە جەستەدا وەک کچێکی دوازدە ساڵان بوو، بەڵام بە ڕووخساریدا دیار بوو کە نزیک سی ساڵ تەمەنیەتی و کۆریاوەتەوە! چەند چرکەی پێ نەچوو کە کچەکان، هەر دوو لای کچە جلسەوزەکەیان بەر دا و چوونە سەرچۆپی و نەختێک پێکەوە پچەپچیان کرد! یەکمجار، خەڵکەکە بە نیگایان قسەیان دەکرد، بەڵام دواتر پچەکردنەکان زۆرتر ببوون! چەند خولەکی پێنەچوو کە کچە جلسەوزەکە کەوتە بنی هەڵپەڕکێکەوە و دەستی کیژۆڵەیەکی گرتبوو و بە هەمان حاڵەتی شێواو و تێکچوو، هەڵدەپەڕی. بە گوێی حەمەدا قیڕاندم: ((ئەرێ ئەو کچە جلسەوزە کێیە لە ئاخرەوە دەستی گرتووە؟))

لۆچ کەوتە تەوێڵی و وەڵامی دایەوە: ((ئەو فەقیرە ناوی سروەیە. داماوە کورە... بۆچی؟))

هاتم قسە بکەم، پیرەژنێکی گردەڵانە بە پەلە لە نێو حەشیمتدا دەرکەوت و بە

نێوچاو ترشاوییەوە بەرەو سروە چوو و دەستی کردە ژێر باڵی سروەدا و لەگەڵ خۆی ڕایکێشا و لە نێو حەشیمەتدا نوقم بووەوە! پچەپچەکان زۆرتر بووەوە کە دەستی حەمەم گرت و لە حەشیمەتەکە دوورم کردەوە. حەمە بە سەرسووڕمانەوە گوتی: ((ئەوە چییە سۆران؟! خۆ باڵمت لە بندا دەرهێنا!))

دەنگی ئۆرگەکە کەمتر ببووەوە کە گوتم: ((ئەو کچە کێیە؟!))

حەمە چاوێکی بە هەڵپەڕکێکەوە بوو و سەیرێکی منی کرد و گوتی: ((سروە کچی خولەی مام سەعییە.))

- لەوە گەڕێ. بە من چی کە کچی کێیە! ئەو پیرەژنە دایکی بوو؟

- ئەرێ دایکی بوو.

- بۆ ئاوا بە سووکی دەستی سروەی گرت و لەگەڵ خۆی بردی؟

- باسی سروە درێژە، دواتر بۆت دەگێڕمەوە.

- نا... هەر ئێستا.

- بەخوا برا کەری! وەڵا تا جوانجوان سەیری ئەو کچانەی نەکەم کە هەڵدەپەڕن، قسەی هیچت بۆ ناگێڕمەوە.

بێ ئەوەی چاوەڕێی قسەیەکی لێم بێت، ڕووبە نێو حەشیمەتەکە چووەوە و خۆیشی دەستی گرت بۆ هەڵپەڕکێ! منیش بە هێوری نزیک بوومەوە و سەیری هەموو ڕووخسارێکم کرد؛ بە پیاو و پیرەمێردەوە، بە ژن و منداڵەوە، بە کچ و دار و دیوارەوە...

کاتی خواردنی چێشتی نیوەڕۆ بوو؛ پیاوەکان لەماڵی باوکی زاوادا دانیشتبوون. حەمە لە تەنیشتمەوە بوو کە پێم گوت: ((دەی ئێستا بۆمی بگێڕەوە.))

- خۆ تۆ زوو ئاوا نەبووی!

- چۆن نەبووم؟

- کەرانە لێ دەخوڕیت بابە!

- دەی خۆت گوتت بۆت دەگێڕمەوە!

- دەتەوێت لێرە بیگێڕمەوە و کەسێک بیبیسێت و شەڕ هەڵگیرسێت و زەماوەن بشێوێت؟!

- نا، نا!

- دەی باش. با چێشتەکەمان بخۆین، دەڕۆینە سەر گابەردی بەرامبەری ئاوایی و بۆت دەگێڕمەوە.

هیچم پێی نەگوت. ((بەڵام بۆچی شەڕ هەڵگیرسێت و زەماوەن بشێوێت، نازانم!))

چێشتی نیوەڕۆمان خوارد. کەسی وابوو دوو جێ و سێ جێ چێشتی بە دزییەوە هەڵدەگرت و لە بەینی یەکتردا دەیانشاردەوە، حەمەیش بە بیانووی ئەوەی من میوانی تایبەتی ئەوم، جێگەیەکی خستە ئەو لای خۆیەوە! پچەیان بۆ یەکتر دەکرد و پێدەکەنین. لەگەڵ حەمە بەرەو گابەردی بەرامبەری ئاوایی ڕۆیشتین.

- دەی بە دەم ڕۆیشتنەوە بۆم بگێڕەوە.

- پەلەت چییە ئەوە؟ هەمووت بۆ دەگێڕمەوە، نەختێک خۆڕاگر بە، زگم قورسە و دەتەوێت هەناسەیشم پێ ببڕیت؟

وێنەی سروە بەردەوام لە بەر چاومدا بوو: دەموچاوێکی قوپاو و تەنیا ماتیکێکی سووری دابوو و بە پێچەوانەی هەمووان، جلێکی کۆنە و زلی لەبەردا بوو!



لەسەر گابەرد و بەرامبەری گوندەکە پێکەوە دانیشتین. گوندەکە لە پەنجا خانووی گڵی پێکهاتبوو، جریوەی چۆلەکەیش تێکەڵی ئەم دیمەنانە ببوو. حەمە دەستی هەڵپێکابوو کە گوتی: ((وابزانم چواردەساڵی پێش بوو، کە شەڕێکی ئازاردەر لێرە هەڵگیرسا. پاسگای ئەم ناوچەیە ڕژابوونە نێو ئاوایی و دەربەدەر بە دوای عومەردا دەگەڕان. نەیاندۆزییەوە، هەڵهاتبوو...))

سەرمسووڕمابوو کە قسەکەیم پێ پچڕاند و گوتم: ((عومەر کێیە؟!))

حەمە نوقمی ئاوایی ببوو کە درێژەی دایەوە: ((هەموو ئەم باسانە لەوێوە دەستی پێکرد کە سروە و دایکی لە شار گەڕانەوە.))

- دەی!

- سروە زگی دێتە ئێش و ئەوەندە ئێشەکەی زۆر دەبێت کە دایکی دەیبات بۆ شار و دوکتۆر بە دایکی دەڵێت کە بۆچی وەها خێرا کچێکی سێزدە ساڵانیان داوە بە شوو! دایکی سەریسووڕدەمێنێت و بە دوکتۆر دەڵێت کە سروە شووی نەکردووە! دوکتۆر هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و دەڵێت کە سروە دووگیانە!

تەزێک دای بە تەوقی سەرمدا! حەمە درێژەی دایەوە: ((من کە زۆر منداڵ بووم و هیچم نەدەزانی، حەوتهەشتساڵان بووم و لەگەڵ هاوڕێکانم هەر لەسەر ئەم گابەردە یاریمان دەکرد کە قیژەی سروە عەرز و ئاسمانی گرتەوە. ئەو وێنەیەم قەت لە یاد ناچێت؛ سروەیان لەسەر بانی ماڵەکەی خۆیان خستبووە پشتدا و باوکی، بانگردێنی دەهێنایە سەر زگی سروەدا تاکوو بەچکەزۆڵەکەی زگی بکوژێت. سروە دەیقیڕاند و دەپاڕایەوە: (بابە گیان، بابە گیان... بەخوا ناوێرم بڵێم کێ وای کردووە، ئەگینا هەمووتان دەکوژێت.) باوکیشی خوێن بەرچاوی گرتبوو و ڕەشتییەکەی سەری داکەوتبوو و دەیقیڕاند: (پێم بڵێ ئەی سەگباب، بزانم ئەو گەوادە کێیە ئاوا ئابڕوو و شەرەفی بردووم و دەستدرێژیی بە ناموسم کردووە... پێم بڵێ حیزی

قەحبە... پێم بڵێ ئەی دەڵەقۆڕ...) سروە لەژێر دەستی باوکیدا بێهۆش کەوتبوو و چیدی نووزەی دەرنەدەهات. باوکیشی پڕووکابوو و لە ناوەڕاستی بانەکەدا دەستی هەڵپێکابوو و چەپۆکی لە خۆی دەدا و دەینالاند و بە دەنگی بەرز دەگیریا و جنێوی بە هەموو خەڵکی ئاوایی دەدا: (ئەی گەوادینە! کام بێشەرفتان ئاواتان لێ کردم؟ خراپیم بۆ کام گەوادتان بوو؟ ئەمە حەقی من نەبوو، تف لە غیرەتتان... تف لە شەرەفتان... تف... تف...) بەڵام هەمووان تەنیا سەیریان دەکرد و پچەپچ گوێی کەڕ دەکرد. سروەیش خوێنی هەڵدەهێنایەوە.))

چاوانی حەمە پڕی بوو لە ئاو، منیش هەموو ئەو وێنانە سەرلەنوێ لە مێشکمدا زیندوو دەبوونەوە. بە هێوری گوتم: ((دەی دواتر چی ڕووی دا؟))

حەمە بەردەوام نوقمی ئاوایی ببوو، کە تفێکی قورت دا و گوتی: ((ڕۆژی دوایی، سروەی بەستبووە داری نێو حەوشەکەیانەوە و ویستبووی تاپڕێکی پێوە بنێت و بیکوژێت کە سروە هاواری کرد و گوتبووی کە عومەری زاوایان وای لێ کردووە...))

- عومەری زاوایان؟!

- ئەرێ... عومەر شووی خوشکی بوو. هەر کە ناوی عومەر دەبات، دەیەوێت فیشەکی پێوە بنێت، سەربازەکانی پاسگا دەڕژنە نێو حەوشەکەیانەوە و تاپڕەکەی لێ دەستێنن. شیوەن و ڕۆڕۆیەکی نوێ لەوێ دەستپێدەکات و تا دەڕۆن کە عومەر بگرن، عومەر هەر پار هەڵهاتبوو نەک ئەمساڵ!

- ئای کە ناخۆشە ئەم شتانە. تەواو تێکی دام.

- ناخۆشتر ئەوەیە کە منداڵ بیت و هەموو ئەم شتانە بە چاوی خۆت ببینیت. ئەمە تازە چاکەکەی نێویان بوو.

- بۆ؟! چی تر ڕووی دا؟!

- دوای هەڵاتنی عومەر، هاوسەرەکەی، واتە خوشکی سروە، لەسەر بانی ماڵەکەی باوکیدا نەوتی خۆی ڕژاند و تا فریای کەوتن و کوژاندیانەوە، بوو بە قەقنەس. سۆران! تا کۆتاییەکەیم دی؛ تا کاتێک کە تاویایەوە. جلێکی ڕەشی لەبەردا بوو، هاواری دەکرد: (عومەر دەتسپێرمە دەستی خوا... خوا زەلیلت بکا... خوا لەنێوت بەرێ...) کە ئاگرەکەیشی بە خۆیەوە نا، دەگیریا و هەر دەیقیڕاند: (عومەر بۆ وات لێکردین... خوا سووکی دونیا و قیامەتت بکا... خوااااااا... خوااااااا...) سۆران! هەموو ئەمانەم دی و هەموو ئەمانەم بیست.

- عومەر چی لێهات؟

- لەو کاتەوە کەس هەواڵی لێی نییە، خۆی ونکردووە. ئێستایش کە ئێستایە، براکانی سروە بۆی دەگەڕێن.

- دواتر چییان لە سروە کرد؟

- منداڵەکەیان هەر لە زگیدا کوشت و پێیان داخست. هەر لە سەرەتایشەوە کێشەی دەروونی بوو، دەڵێن نیمچەشێت بووە. ئێستایش بەتەواوی سەرزوان دەگرێت. شەو نییە لێی نەدەن و هاواری بەرز نەکەنەوە. خۆزگە هەر ئەو کات دەمرد، ئێستا هەموو ڕۆژێکی مردنێکە بۆی.

ئۆرگ دەیکوتا و هەڵپەڕکێ گەرم بوو؛ سروەیش بە جلە سەوزە کەمرەنگەکەیەوە، لەسەربانەکەیانەوە و دوور لە حەشیمەتەکە، ماقی ڕەشبەڵەکەکە ببوو.

◆ بێهزاد قادری



Enrique Ramos López

# بەتامترە چیرۆک

**گوڵەجۆ:**

ئاغای فارووقی بەڕێوەبەری ئیدارەی... کوتی: مەراسمێکمان بۆ هاوکاران پێک هێنابوو و لەگەڵ کۆمەڵێک بەرنامەی جۆراوجۆر، خۆوێژێکیشمان بانگ کردبوو دوو بەندیان بۆ بڵێ. پێشتر بانگمان کرد و ئەوی پێویست بوو پێمان کوت. کوتمان ئیدارەیە و دەبێ تۆزێک مولاحیزە بکەی و باسی ئەو مەمک و شتە لە بەندەکانتدا مەهێنە. کوتی نەخێر بەڵێ زۆر چاکە.

پوولێکیشمان دایە و رۆییشت. حیچی پێ نەچوو وەژوور کەوتەوە! پوولەکەی لە سەر مێزەکە دانا و کوتی: کاکە بەخودا بێ مەمک و شتەکە بۆم نای

**بەستەڵەک:**

نازانم کێ ئەوەم وەپێش کەوت، خودا غەززەبی لێ گرێ(!)، منیش نەغد چووم لە مستی دەزگیرانم نا و ئێستاش لەماڵە خەزوورم، وەک دەڵێن، سەرم چاک هەڵنایە:

چێشتەنگاوی ڕۆژێک زەنگم بۆ دەزگیرانم لێدا کوتم ئەرێ ئەوە کێ بوو؟ نەمناسی. کوتی: کێ؟! کوتم مەگەر میوانەکەتان نەهات؟ کوتی: نەوەڵا، کام میوان؟! کوتم ماڵتە بەو کۆڵانەی ئێوەدا هاتم کابرایەکی سەرتاسی سوورکارە، دوو ساکی بە دەستەوە بوو لە ماڵی ئێوەی دەپرسی! کوتی: ئەیڕۆ! وەڵا ماڵمان هێند شپرزەیە خوداحافیز خوداحافیز.

ئیدی رانەوەستا بڵێم...، تەق گووشیەکەی دانا!

ئەوڕۆژە هەتا نیوەڕۆیەکی درەنگ نەهاریان نەخواردبوو و هەر چاوەڕوانی کابرایەکی سەرتاسی سوورکارە بوون بە دوو ساکەوە لە درگا بدا!

## خیزەشینە:

مەلایەک کاس و کەساس لە قوژبنی مزگەوتێ ستاری گرتبوو. قسەقوتێک کوتی مامۆستا ئەوە بۆ وا سەری عاسمانت لێ وێک هاتۆتەوە؟! مەلا کوتی وەڵا نۆکەرێکی تۆم هەیە دوو ڕۆژە زەوادی خودای لە گەروو نەچۆتە خوارێ، دەمی لە حیچ شتێک نەداوە و حیچ ناخوا. دەبێ بیبەم بۆ حەکیمان. کابرا کوتی: مامۆستا شتێکت عەرز دەکەم لێم بە ئیراد مەگرە؛ ئەو پووڵەی خۆت بۆ لە کۆشی حەکیمان دەکەی، حیچی ناوێ، بە من دەکەی ئەو مەندیلەی سەر سەرت داگرە و لە سەر سەری ئاغازادەی دانێ؛ بەزەمانەت وڵات دەخوا!

## نادر مستەفازادە ـ ڕەحیمخان:

سەرچاوەی پەندی سەکتەی کرد و مرد!

کوڕێک بابی دەمرێ، هەر کەس دەچێتە لای بۆ سەرەخۆشی و دڵدانەوە،

دادەنیشێ و بۆی دەگێڕێتەوە کە چۆن نەخۆش بووە و بردوویانە بۆ دوکتور و چەند چەشنە دەرمانیان داوەتێ و چۆنی خواردوە و چاک هەر نەبۆتەوە و لە ئاکامدا مردووە.

کفن و دفن کرا و ناشتیان و هاتنەوە و لە بەر دەرگای مزگەوت ڕاوەستان؛ تا ئەو ڕووداوەی دەگێڕاوە دەبوو کابرا بۆ نەهار و شامیش لەوێ بێ.

زەرەرێکی زۆری لێ کەوت. تا ڕۆژێک برادەرێکی بابی دێ، کاتێ باس دەکا، دەڵێ: تۆ هەر پێت دەکرێ نەهار و شامان بدەی بە خەڵک! ئەوجار هەر کەس هات باسی کرد، لەجێی ئەو هەموو بەیت و نەقڵە بڵێ: هەر سەکتەی کرد و مرد.


ئەو جار هەر کەس باسی کردبا خێرا دەیکوت: هەر سەکتەی کرد و مرد!

قسە نەدەما و کابراش هەڵدەستا دەڕۆیشت

**کەماڵ ڕەحمانی - پیرانشار:**

حاجی سـمایلی خزممان ساڵێک لە زەنگیاوێ دەبێتە گاوان، مەرتەع و جێ لەوەڕی زەنگیاوێش داوێنی کێوی زاواکێوە. ماڵە عەولای وشتران، وشتریش ڕەگەڵ گاڕان دەخەن. مام حاجیی فەقیر هەر غافڵا با وشـتر وەسـەر شـاخی دەکەوتن و هەتا سـەر دوند گیر نەدەبوون، ئەویش دەبا هەموو ئێواران بە ماندوویەتی لەسەر شاخیڕا هێنابانییەوە خوارێ. ئاخری بەم کارە زۆر هیلاک دەبێ و دێتە کن باپیرم و دەڵێ: بەخوا چیتر ناچمە بەر گاڕان، دێم لەگەڵ ئێوە کەشـاوەرزی دەکەم. باپیریشـم دەڵێ: وا مەکە، گاڕانەکە بۆ تۆ چاکترە، مەڵەغانکێشـان زۆر ناخۆشـە، شـەنەکردن گەلێک سـەختە و گێرەی گایان بەڕاسـتی تاقەتپڕووکێنە. حاجی سمایل بە لەسەرەخۆیی دەڵێ: جا چانیە وشتری لەگەڵ نییە!

- سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک: "کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"




shaiith